# داتاشینی سینتاکسی لەنێوان سیستەمی چەمکی هێماکان و سیستەمی ژمێرکاریدا


## پ.ی.د. صباح ڕەشید قادر

## زانکۆی ڕاپەڕین

## یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا


**پێشەکی**

تاکو ساڵی ۱۹٦۰ کارکردن لە تیۆرەکانی ڕستەسازیدا، ئەو بیرۆکەیە دەسەڵاتی بەسەرداگرتبوو، کەوا ناساندنی تایبەتییە ئاڵۆزەکانی زمانی مرۆڤ بەرهەمی سەربەخۆی بنەماکانی ڕێزمانە، بەهێزترین و لەبارترین ڕێگە بۆ گەشەکردنی ئەم بیرۆکەیە پێداگری بوو لەسەر گەشەپێدانی تیۆرەکانی ڕێزمانی سەراپا بووە، ئەمەش بووە مایەی هاتنەکایەی سیستەمێکی ناوەوەی کەتیگۆرییە زمانییەکان بۆ دەرخستنی سیفەتە بنجییەکانی زمانی مرۆڤ.

لە ساڵانی ئەم دواییەدا چەمکێکی پێچەوانەی ئەو جۆرە ڕێبازە هاتەکایە، بۆئەوەی خۆی لەدەوری ئەو بیرۆکەیە ڕێکبخاتەوە، کەوا کلیلەی تایبەتمەندییەکانی زمان دەکرێ لەڕێگەی گەلێ هێزی نازمانییەوە شێوە بگرێ، ئەویش دەکرێ لە ڕێگەی سەرنجدان، یادگاکان، فیزیۆلۆجی (زانستی ئەرکی ئەندامەکان)، پراگماتیك، و دەرککردن......هتد، دوە ئەنجام بدرێ. لێرەدا هیچ پێناسەیەك بۆ لیستێکی هۆکارەکانی لێکدانەوەی ئەگەرەکان لەبەردەستدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێ، کەوا هەندێ تێگەیشتنی سەرەتایی سەبارەت بەهەندێ لەو هۆکارانەی کە بەشداری دەکەن لە لێکدانەوەی هەندێ دیاردەی نامۆ سەبارەت بەسروشت و بەکارهێنانی زمان.

هەوڵی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەست خستنی هەندێ چارەسەری هاوکار بۆ ئەو کێشەوگرفتانەی لە سینتاکسی زمانە سروشتییەکاندا دەردەکەون و سەرهەڵدەدەن. بیرۆکەی سەرەکی توێژینەوەکە لەوەدایە کەوا تایبەتمەندییە ناسراوەکانی زۆربەی دیاردە سینتاکسییە گرنگەکان لەمیانەی توانستی گشتی و بنەما سەربەخۆکانی ڕێزمان سەرهەڵدەدەن. ئەم جۆرە ڕێگەو ڕێبازە ئاماژە بەو خاڵانە دەکات، کەبەرەو ئەگەرەکانی کەمکردنەوەی تیۆرەکانی ڕۆنانی ڕستە بۆ پرۆسەی ڕستە هەنگاو دەنێ.

ئەوەی ئەو توێژینەوەیە بەپێی بۆچوونی خاوەنی بیرۆکەکان جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەیە کە زمانی مرۆڤ بەهەمووو ئاڵۆزییەکانیەوە پێویستی بەوە هەیە کەوا دوو سیستەمی تەواو لەیەکتر جیاواز بەهەند هەڵگرێ و بیخاتە ژێر باری سەرنجەوە، ئەویش (۱) فەرهەنگی عەقڵی، کە لەیادگەی ئاشکرادا وێنەکان نەخشەڕێژ دەکات، (۲) سیستەمی ژمێرکاری کە لەلایەنی یادگەی کارەکی، یان ڕێکاری، پشتیوانی لێدەکرێ. ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبێ: لەبەشی یەکەمدا لایەنی تیۆری بۆچوونەکە دەخەینەڕوو، ئەمەش زیاتر پێداگری لەسەر کاراکردنی هەردوو سیستەمی "چەمکی هێماکان و سیستەمی ژمێرکاری" دەکاتەوە، بەپێی سیستەمی یەکەم فەرهەنگی عەقڵی مرۆڤ هەندێ تایبەتمەندی دەبێ، کە لەکاراکردنی سیستەمی ژمێرکاریدا هاوکاردەبن. ئەو هێڵکاری و نەخشانەی لە شیکردنەوەی بۆچوونەکەدا پەیڕەودەکرێ هەڵهێنجراوی دایگرام و هێڵکارییەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکییە، بەتایبەتی ئەوانەی لەئاستی لۆجیکی لەڕۆڵی بابەتانەدا دەستەبەردەکرێن.

بەشی دووەم: بریتی دەبێ لەکاراکردنی سیستەمی ژمێرکاری و میکانیزم و ڕێکاری کارکردنی سیستەمەکە، لەم بەشەدا زیاتر نموونەکان، بگرە شیکردنەوەکانیش زیاتر لە زمانی ئینگلیزیدا دەبن.

لەبەشی سێیەم، هەموو ئەو میکانیزمو بۆچوونە دارێژراوەی تیۆرە پەیڕەوی دەکات بەسەر زمانی کوردیدا جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ ئەو بەربەستانەی کە دەبنە مایەی ئەوەی نەتوانرێ تیۆرەکە وەکو خۆی بەسەر زمانی کوردیدا جێبەجێبکرێ، دوای خستنەڕووی ئەنجامەکانو ڕیزکردنی سەرچاوەکان کورتەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبیو ئینگلیزی دەخرێتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

## بۆچوونەکانی سەبارەت بە زمانی بێڕێزمانی

### ١-١: سەرەتا:

هەڵکەوتوترین لێکدانەوەی سنووربڕکێ (challenge- التحدي) لە ناوەڕۆکی زمانەوانیدا بریتییە لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ساکاری وەکو: چۆن زمان کاردەکات؟ وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارە بەئاسانی دەستەمۆ ناکرێو دوورەدەست دەمێنێ، چونکە بەپێی فەلسەفەی زمانەوانەکانو باوەڕی ڕێبازو قوتابخانەکانیان وەڵامەکەی دەگۆڕێ، بەڵام خالّی کۆك بوون لەنێوانیاندا بەدیدەکرێ، ئەویش ئەو بیرۆکەیە کەوا کڕۆکی تایبەتمەندییەکانی زمان دەکرێ لەڕێگەی ئاماژەکردن بۆ بنەماکانی ڕێزمان لێکدانەوەی بۆ بکرێ، ئەمە بۆچوونی ئەو زمانەوانانەن کە پابەندی ڕێزمانن لە شیکردنەوە زمانەوانییەکانیاندا، بەڵام لەبەرامبەردا هەندێ زمانەوان بەئاڕاستەیەکی پێچەوانە کاردەکەن، ئەو پرسیارە دەخەنەڕوو تیۆرە زمانەوانییەکان چێ لێبەسەردێ ئەگەر ڕێزمانێك نەبوو؟ بەرلەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەبێ ئەوە بوترێ، کەوا پابەند بوونو گرنگیدان بەڕێزمان بۆ (p&p) پرەنسیپو پارەمیتەرەکەی چۆمسکی دەگەڕێتەوە، کەوا قالبی بۆ ڕێزمانی دەستەڵاتو بەستنەوە دارشت ئەمانەو بچووکترین پرۆگرامیش لە چوارچێوەی ڕێزمانی سەراپادا هەوڵەکانیان دەختەڕوو، بەڵام ئەو بیرۆکەیە تاڕادەیەك ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت لەوەی دەکرێ لەڕۆنانو بەکارهێنانی زماندا شێوەیەك وەرگرێت کە زیاتر پشت بەهێزێکی نازمانی ببەستێت واتە چی دەبێ گەر باسی زمان بکەی بەبێ ئەوەی باس لەڕێزمانی زمانەکە بکەیت. (بڕوانە: ١١ :١٩٩٩ Elman)

### ١-٢: شیکردنەوەی زمان لەبەر ڕۆشنایی دوو سیستەمدا

وەکو لەپێشەکی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێکرد، لە شیکردنەوەی بونیادنانی ڕستەدا شتێکی گشتیو باوە کە زمانەوانیو زمانەوانی دەروونیو دەمارزانیدا دەبێ ئێمە دوو سیستەمی تەواو لەیەکتر جیاواز بخەینەڕوو، کە هەردووکیان سیستەمی مەعریفین، ئەوەی یەکەمیان مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکاتو ئەوی تریان لەگەڵ کردەیەکی تێکچڕژاودا دەکات. (بڕوانە: ٨٥ :Pinker١٩٩٤) کەواتە ئێمە لەبەردەم دوو سیستەمی وەکو (١) سیستەمی چەمکی هێماکان/ هێمای چەمکەکان، ئەمەش وشەو مۆڕفێمەکان لەخۆدەگرێ لەگەڵ ئەو واتاو بیرۆکەیەی هێماکە لە وشەو مۆڕفێمە گوزارشتی لێدەکات. (٢) سیستەمی ژمێرکاری، ئەمەشیان بەشێکە لەو سیستەمەی کە چۆمسکی دوای ساڵی ١٩٩٥ دەستەبەری کرد. چۆمسکی پێی وایە ئەگەر وەرگرتنی زمانی دووەم لەژێر دەستەڵاتی پرۆسەی مەعریفی بەڕێوەبچێ (کە ئەویش جیاوازەو یەکسان نییە بەفێربوونی یەکە زمانییەکان) پەیوەندی تەمەن -age-related، گۆڕانکاری لە بیرۆکەی بنچی توانست -proficiency- دەکات، ئەمەش بەوە لێکدەدرێتەوە، کەوا میکانیزمی گشتی مەعریفی لای ئەو کەسە فراوان دەکرێ، لەگەڵ تەمەنی توانستەکەدا بەرەو کەمکردنەوە دەچێت، ئەو میکانیزمە گشتییەی مەعریفە بەرەبەرە لە توانستو چالاکی خۆی سست

دەبێ، و دەبێتە بەشێك لە لێكدانەوەی گۆڕانەكانی توانست. (بڕوانە ١٧٢ :Chomky١٩٩٥). بەمەش سیستەمی ژمێركاری لەبەر ڕۆشنایی میكانیزمەكانی مەعریفەو لەژێر دەستەڵاتی توانستدا بەڕێوەدەچێ.

بۆ چاكتر ڕوونكردنەوەی ئەو دوو سیستەمە، "ئوڵمان" وا باسی دەكا كەوا سیستەمی هێمای چەمكەكان پەیوەندی بە هێماكانەوە (وشەو مۆرفێمەكانەوە) هەیە، بەستنەوەی ئەو هێمایانە بەو بیرو چەمكانەی دەریدەبڕن، سیمای ڕوونی ئەو هێمایانەش بریتیە لە لێكسیكۆن (فەرهەنگ) یان فەرهەنگی ئەقڵی، ئەمەش وابەستەی ئەوەیە كە پێی دەوترێ یادگەی ئاشكرا (یادگەی گەیاندن declarative memory)، كە پشتیوانیو هاوكاری ئەو زانیارییانە دەكات كە بەگشتی پەیوەندییان بەڕاستیو ڕووداوەكانەوە هەیە. ( Ullman ٢٠٠١: ٧١٨) كەچی سیستەمی ژمێركاری دەستەیەك كردە دێنێتە كایە بۆ بەستنەوەی یەكە فەرهەنگییەكان، بۆئەوەی ڕێگە بە قسەكەرەكە بدات ژمارەیەكی بێكۆتا لە ڕۆناندنو تێگەیشتنی ڕستە بێنێتە بەرهەم، ئەو ڕستانەش دەگرێتەوە كە تاكو ڕادەیەكی زۆر ئاڵۆزن. ئەمەش تاڕادەیەك گونجاوە لەگەڵ ئەوەی ئێمە وەكو سیتاكس بیری لێدەكەینەوە، دەتوانین بڵێین ئەمە نموونەیەكە لە جۆرێك لە ڕێكاری مەعریفی، كە لەگەڵ هەندێ بزوێنەرو لێزانی مەعریفی یەكدەگرنەوە. دەبێ ئەوەش بوترێ كە هەندێ لە زمانەوانەكانی وەكو (زمانەوانی دەروونی) ئەم بیرۆكەیە ڕەتدەكەنەوە، كەوا دوو سیستەمەكە لە كردەیەكی مەعریفی كۆبكرێنەوە بۆ نموونە: Goodman١٩٩٩, Coldberg١٩٩٥، (بڕوانە: ١٧ :Croft ٢٠٠١) سیستەمی هێمای چەمكەكان و سیستەمی ژمێركاری بەیەكەوە زۆر بەداخراوی كاردەكەن، زمانیش بەبێ سیستەمی ژمێركاری بوونی نییە، بەو واتایەی سیستەمی ژمێركاری وەكو میكانیزمی بەڕێوەبردنی زمان كاردەكات، كەچی سیستەمی هێمای چەمكەكان دوا بیرۆكەی پێدەبەخشێ، وا لێدەكات كەڵكداربێو جێگەی گرنگی پێدان بێ، پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەو دوو سیستەمە بەكارلێكراوی كاردەكەن. (Edelman ٢٠٠٤: ٢٤٣) بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو میكانیزمە دەبێ شیكردنەوە بۆ هەندێ یەكەو تێرمو دیاردەكان بكەین. بۆ نموونە فەرهەنگ یەكێكە لەو پێكهێنەرانەی هیچ لە سیستەمەكان ناتوانن بێئەو كاربكەن.

### ١-٢-١: فەرهەنگ - Lexicon

فەرهەنگی زمان بریتییە لە كۆگایەكی زانیارییەكان سەبارەت بەهێماكانی زمانەكە، لەزۆربەی پرۆژەكەیدا فەرهەنگ زانیاری سەبارەت بە كەتیگۆری (ئەوانەی لە زمانەكەدا هەنو ئەوانەی ئەگەری هەبوونیان هەیە) O'Grady پێی وایە ئەو بیرۆكەیە هیچ بەڵگەیەكی نییە. بەڵام بیرۆكەی دژ بەمەش نییە، هەروەها پێی وایە كەوا سیستەمی ژمێركاری تێكچرژاوی ڕێزمان، بۆیە مەسەلەیەكی زۆر جیاوازە، ئەگەر ئێمە بۆ ڕوونكردنەوەی بیرۆكەكە ئەم نموونەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

كرداری (carry) ئەو مانایە دەگەیەنێ یان جۆرە واتایەكی هەیە كە دەروازەیەكی هەیە كرداری (carring) بەجێدەگەیەنێو دەروازەیەكی تری هەیە كە (هەڵدەگیرێ carried)ە. هەردوكیشیان وەكو ناو nominal دەردبڕدرێ، بەناونانی كەتیگۆرییەكان بەڕێبازی دێرینو ڕێگەی ڕۆڵی بابەتانە thematic roles، ڕێگەیەكی گونجاویان هەیە بۆ نواندنی ئەو ڕاستیانە:

١.Carry: V, <N N> (e. g Harry carried the packege.)

هەڵگرتن وشە↑کەتیگۆری Ogent themr

ئەرگۆمێنتەکان↑لەفۆڕمی تۆڕێکدا

بەمەش کرداری (carry) جیاوازە لە کرداری hop ئەمەی دوایی جۆرە واتایەکی هەیە کەتاکە هاوبەشێکی دەوێت.

٢.hop: V, < N > (e. g Rabbits hop.)

کەروێشکەکان هیوادەخوازن ag

دەکرێ ئاماژە بەو دانە زمانییانە بکرێ لەڕێگەی واتای وشەکانەوە، کە وەکو ئەرگۆمێنتی خۆی وەریاندەگرێ، هەروەها ئەرگۆمێنتەکانیش کەتیگۆرییەکان وەکو یەکەی ئەرکی (Fanctor) وەردەگرن (بڕوانە: Wood ١٩٩٣: ٤) ئەمەیان بەرامبەر هەڵبژاردنی کەتیگۆری، (C-Selection)و هەڵبژاردنی سیمانتیکی (S-Selection) دەوەستێ، بەڵام ئەم ڕێگەیە خۆی لە لێکدانەوەی ڕێزمانی ڕادەدێرێ‌و پێداگری لەسەر لایەنی سیمانتیکی دەکاتەوە. ئەو هێڵکاری‌و کەوانە ناولێنراوانەی چۆمسکی بەکاریاندێنێ تاڕادەیەك جیاوازە لەوەی ئەم تیۆرە دەستەبەری دەکات.

فەرهەنگی عەقڵیش جیاوازە لەو فەرهەنگەی کە بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری گشتی سەبارەت بە وشەکانی زمانەکە، لەبری ئەوە فەرهەنگی عەقڵی مامەڵە لەگەڵ کاراکردن‌و چالاك کردنی ئەو وشانە دەکات‌و چۆنیەتی کۆگاکردن‌و چارەسەرکردن، و دواتر گێڕانەوەی لەلایەن هەر قسەکەرێکەوە، ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر فەرهەنگی عەقڵی دادێت، لەڕووی وەرگرتنی وشەی تازەو گەشەکردنی ئەو وشانەی کە لە بنچینەدا هەن‌و لەئەنجامی بەکارهێناندا گەشەی پێدەدرێ، بەڵام چۆنیەتی کارکردنی ئەم فەرهەنگی عەقڵییە گەلێك تیۆری جیاوازی لەسەرە وەکو تیۆری شەبەنگ Spectrum theory، تیۆری دوانەکردنی هێمایی Dual-coding theory، تیۆرێکی چۆمسکی بەناوی Nativist theory واتە ، هەروەها تیۆری تۆڕی سیمانتیکی Semantic Network theory. بەپێی بۆچونی زاناکان ناوچەیەك لە مێشك ڕۆڵدەگێڕێ لە نواندنی فەرهەنگی، بەمەش ئەو فەرهەنگە لایەنی فیزیۆلۆجی‌و کۆمەڵایەتی‌و زمانی لەخۆدەگرێ. توێژینەوە نوێیەکان ئەوەیان دەرخستووە، کەوا ئەو فەرهەنگە ئەگەری داکشانی هەیە بەپێی تەمەنی کەسەکە، کەوای لێدێ ناتوانێ وشەی نوێ نەوەربگرێ‌و نەفێرببێ، بەڵام باس لەوەش دەکرێ، کە ئەوانەی دەتوانن زیاتر لە زمانێك قسەبکەن دەتوانن سوود لە وشەکان وەرگرن، بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ کە وشەکانی زمانی یەکەم‌و زمانی دووەم لە دوو شوێنی جیاواز لەمێشکدا هەڵدەگیرێ (بڕوانە Elman ٢٠٠٤: ٣)

بەمەش فەرهەنگ ڕاسپێردراوە بەوەی کە ئەرکی دیاریکردنی پڕاوپڕی کرۆك‌و ناوك‌و کەتیگۆرییە ئاڵۆزەکان بخاتەڕوو. ئاسانە پێناسەی ئەو کەتیگۆرییانە بکەین کە لەڕستەدا دەردەکەون (وەکو تاکە وشە دەردەکەون)، بەڵام بۆئەوەی ڕوویەکی یاسایی بەو ڕستەیە بدەین، و لێکدانەوەیەکی سیمانتیکی بۆ دابڕێژین دەبێ هەندێ یاساو بنەما هەبن لەسەر ئەو ڕستەیە جێبەجێ بکرێ، مەبەستمان بەسەر کەتیگۆرییەکانی ناو ڕستەکە. کاتێك کەتیگۆرییە ئاڵۆزەکان وەکو (Functor) یەکەی ئەرکی کاردەکەن. کردەیەکی بنجی بەشداری دەکات لەوەی کە هەر کەتیگۆرییەك بەرامبەر فانکتەرەکەی بکات، لەڕووی هێڵکارییەوە ئەم شێوەی خوارەوە وەردەگرێ:

٣.Y → X ، یان X/ Y

فانکتەرەکە (یەکە ئەرکییەکە سەیری پێشەوە دەکات واتە سەیری "Y" دەکات لە "X"ەوە، کەوا -Y- بەدوادا دێت، لەگەڵ فۆڕمی "X" یەکدەگرنەوە. سەیرکردنی دواوە بەهەمان شێوە سەبارەت بە (یەکە ئەرکییەکان) کە پێشی دەکەوێ یەکدەگرنەوە بۆ ئەوەی بەهایەکی دیاریکراو بە کەتیگۆرییەکە ببەخشن.)

ئەم هێڵکارییە یان نەخشەیە:

٤. Y X \ Y→ X

پڕۆسەیەکە لە لادانی کەرتەکان (کەرتی دەیی) لەبیرکاری دەچێت، وەکو ئەوەی بۆ بەدەستهێنانی بەهاکە ئاسانکردن لە کەرتەکان بکەیت، ئەرگۆمێنتەکانیش بەرامبەر کۆڵکە هاوبەشەکان دەوەستن لە کەتیگۆری یەکە ئەرکییەکان، لەکارکردنیاندا بۆ کارکردنی ئەرگۆمێنتەکانیان، ئەمەش زیاتر لە بیرۆکەی "ستوونی" ( vertical nation)ی –١٩٣٣ Adjukiewicz- ختسیەڕوو، لەوەی کە بەهاکان لەسەرەوە دەنووسرێ لەبری ئەوەی لە پێشتر بنوسرێ، وەکو ئەوەی کەتیگۆرییەکان یەکدەگرنەوەو دواتر زنجیرە کەتیگۆرییەکان کەمدەکرێنەوە بۆ (S) ڕستە. لێکدانەوە واتاییەکەی ئەو ڕستەیە بەهەمان پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەرکی بونیاد دەنرێ، (ئەو یاسای یەکگرتنەوە بنجییە لەسیستەمی دەوڵەمەندکردنی کەتیگۆریدا richer categorcal systems بەکاردێت.) (بڕوانە ١٠ :١٩٩٣ Wood) بۆ داڕشتنی زنجیرەیەك کەتیگۆری بەیەکەوە دەکرێ لەڕێگەی جێبەجێکردنی کردەی —یەکە ئەرکییەکانو کەتیگۆرییەکانیان پێشبینی بکرێ، کە دەکرێ چڕبکرێتەوە لە (هاوئاماژەکردن، لەگەڵ یاسای ئاڕاستەکردن) کە بەهایەك لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بەدەست بێنێ. ئەمەش لە لێکدانەوەی سیمانتیکی بەو شێوەی خوارەوە دەخرێتە ڕوو:

```
٥.a- Tigger complains     (ئازارکێشان) (سکالاکردن)
        N        S\ N
        ____________< A
                 S              complains (Tigger)

٥.b- Tigger eats       dove
        N    (S\N)/N     N
        ____________< A
                 S\N            eats (doves)
        ____________<
                 S              (eats doves)(Tigger)
```

بۆ ئەم وێنەیە بڕوانە: (٦٠ :١٩٨٨b Moortgat)

لە شیکردنەوەی S\N ئەوە دەگەیەنێ کەوا سەیرکردنی ئەو تیرە بەلاداهاتووە Diagonal Slash لەوەی سەرەوەدا ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەرکەکە لەڕیزبوونی وشەکاندا ئەرگۆمێنتی خۆی لەلای چەپەوە وەردەگرێ کەچی S/N گۆڕینی تیرە بەلاداهاتووە بۆ ئاڕاستەیەکی وەکو ئەوەی ئێستا لێی دەدوێن ئەوە دەگەیەنێ کەوا یەکە ئەرکییەکە ئەرگۆمێنتی خۆی لەلای ڕاست هەڵدەبژێرێ. بەم شێوەی خوارەوە:

٦. \ سەیری چەپ کردن

/ سەیری ڕاست کردن (بڕوانە ١١٦ :١٩٩٦ Steedman)

ئەمانەی لە سەرەوە خراوەتە ڕوو لەڕووی تیۆرییەوە گونجاوە بۆ زمانێکی وەکو ئینگلیزی کاتێك کە یەکە ئەرکییەکان، یان کردارەکان لە فەرهەنگدا بەلای چەپو ڕاستی خیاندا بۆ هەڵبژاردنی کەتیگۆرییەکانیان مارکەکراون، و هەموو ئەو زمانانەی پەیڕەوی (SVO) دەکەن، بۆ زمانی کوردی دەکرێ باری سەرنجی تر بخەینەڕوو کە دواتر لەبەشی تر شیدەکەینەوە، جۆری شیکردنەوەی فۆڕمی تیۆرییەکە دەکرێ وەکو خۆی بپارێزرێ، بەڵام لەڕووی ئاوڕدانەوە لە کەتیگۆرییەکانی خۆی کردارەکان لەزمانی کوردیدا دەبێ بەلایەکدا سەیر بکات. بۆنموونە:

٧. بازەکە نێچیرەکەی گرت

N/S، ناوی یەکەم (بکەر)

ڕستەکە/ناو

زمانی کوردی لە هەڵبژاردنی کەتیگۆری دووەمیشدا

N/S،

ڕستەکە/ناوی دووەم (بەرکار)

چونکە کردار لەهەردوو باردا بەلای ڕاستدا ئاوڕدەداتەوە.

**١-٢-٢: میکانیزمی کاراکردنی سیستەمی ژمێرکاری**

لە کارکردنی سیستەمی ژمێرکاریدا بۆچوونی وا هەیە، کە ئەو سیستەمە لە میکانیزمی کارکردنیدا هیچ بنەمایەکی ڕێزمانی لەخۆناگرێ، وەکو بنەمای بنجی تەنیا کاری ئەو سیستەمی لەلایەنی ڕێزمانییەوە ڕێکخستنەوەی دیاردە زمانییەکانە لە کاتی بونیادی ڕۆنانەکاندا، بەواتایەکی تر زیاتر ڕوو لە داواکارییە فەرهەنگییەکە دەکات. لە تێکچرژان و بەیەکداچونی ئەرکەکانی ئەو سیستەمەدا لەسادەترین باردا یەکە ئەرکییەکان (Fanctor)و ئەرگۆمێنتە هاوسێکانی (adjacent) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆ نموونە کردارێکی تێنەپەڕدا

٨. تاریکی داکەوت.




ئەو دایگرامەی سەرەوە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کەوا سەرچاوەی پاشکۆیەتی بەدواداکەوتنی کەرەسە ناوەکییەکە بەوە ڕووندەکرێتەوە، کە لەڕێگەی (کۆپی کردن)ی ئیندێکسەکەی لە کەرەسە ناوییەکە بۆ ناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کردار، ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ دەرخستنی پایە (status)ی بۆ ناساندنی هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو کەرەسەیە وەکو بەشێك لە سیستەمی ژمێرکاری (بڕوانە O'Grady ١٩٩٧: ٣١٢) شوێنی کەرەسە ناوییەکە لە چوارچێوەی تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کرداردا، بەپێی ڕاستو چەپی کەرەستەکان و تایبەتمەندییەکانی تر پایە کەرەستەکەوە دەردەخات.

دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرین، کەوت هەموو دەم لە هەرەمی بینای ڕستەکاندا کەرەسەو دانە زمانییەکان واتاو چەمکی ڕاستەوخۆی خۆیان نادەن بەدەستەوە، لەوانە مێتافۆر هاوکار بێ لە گواستنەوەی ئەو شتانەی

لەمێشکدایە. سینتاکسی دێرین بەپێی تیۆرو لێکدانەوەکانیان پێداگریو ترنجی باری سەرنجیان لەسەر تەلارکاری ڕۆنانی ڕستە بووە، کە دەبوایە پابەندی ڕێوڕەسمی ڕێزمانێکی ئاڵۆز بێت، بۆ نموونە (لە تیۆری دەستەڵاتو بەستنەوەدا، ڕستەی فۆرم دروست (well- formed) دا دەبێ ڕستەکە ڕۆنانێکی قووڵی هەبێ، کە بگونجێ لەگەڵ هێڵکاری (سکیمە)ی ئێکس-بارو (x-bar schema) پێوەری شێتا (theta criterion) ئەو تیۆرە (ڕۆنانی سەرەوە)یان هەیە، کە دەبێ پابەند بێ بە فیلتەری یان پێوەری دۆخەوە –case filter- و بنەماکانی بەستنەوەوە، هەروەها لەو تیۆرەدا فۆرمێکی لۆجیکیان هەیە کە دەبێ لەگەڵ بنەمای دوو جێکەوتەیی (BP)- Bijection[1] (بڕوانە Haegman ١٩٩٤: ١٠٦) پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کەوا ڕستە بەو ڕێکارییەوە ئاڵۆزەوە چۆن بونیاد دەنرێ؟ ئەمە زیاتر لە دووتوێی ئەم تیۆرەدا لەمیانەی هاوکاری دوو سیستەمەکەدا چارەسەری بۆ دەبینرێتەوە.

بیرۆکەی سیستەمی داتاشینی سینتاکس جیاوازە، کاتێك دێتە سەر بونیادی ڕستە بیر لە بیناسازیو تەلارسازی ناکاتەوە، تەنیا بیر لەداتاشینی ڕستەکە دەکاتەوە، وەکو ئەوەی بونیاددەنرێ ئاواش دیزاین دەکرێ، بەوەش سنووردار دەکرێ بەو کەرەستانەی دراون، بەهۆی پێویستی بۆ تەواوکردنی کارەکە زۆر بەخێرایی لەگەڵ ئەو توانستەی کە بوونی هەیە. بەمەش ئەوە دەردەکەوێ کەوا توانست هێزی بەکاربەری زمانی مرۆڤە، لەپاڵ دیزانینو کردەی سیستەمی ژمێرکاری. جاری یەکەم کاریگەرییەکەی بەوە دەردەکەوێ لەمیانەی نواندنی سینتاکسەوە، لەژێر کۆتبەندی هاوئامازەیی، کۆنترۆڵکردن، هەڵهێنجان، لادانو کەمکردنەوە، ئەمانە هەموو لەشیکردنەوەی ستراتیجی بەکاردەبرێن. بیرۆکەی ئەم تیۆرە زیاتر بەرەو چەمکی زمان بەبێ ڕێزمان هەنگاو دەنێو شیکردنەوەکانی دەباتە پانتاییەکی ساکار بۆ لێکدانەوەو بونیادی ڕستە، لەوەی سەرەتاکانی دیزاینکردنی ڕۆنانی ڕستە بەهاوکاری "تایبەتمەندییەکانی لێکسیکی"یش دەگرێتەوە.

پێشتر باسمان لە فەرهەنگی عەقڵی کە ڕێکەوتنی قسەکەرانی ئەو زمانەی لەسەرە، کە وەکو کۆگایەك بۆ زانیارییەکانی سەیردەکرێت بۆ وشەو مۆرفێمەکانی زمانەکە، لەپاڵ زانیاری لەبارەی ئەو کەتیگۆرییانەی لەو زمانە دانەی زمانین (V, N) بۆنموونە کردارێکی وەکو (drink) لە زمانی ئینگلیزی کە دەروازە فەرهەنگییەکەی پێشبینی دەکرێ کە دوو ئەرگۆمێنتی ناوی وەردەگرێ (‘N’) وەکو کەتیگۆری ناوی نەوەك ناو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

٩. drink:  V,    <N   N>

↑ ↑

کەتیگۆری  تۆڕی ئەرگۆمێنتەکان

سیستەمی ژمێرکاری کردەکانی خۆی بەسەر ئەو وشەو مۆرفێمانەی جێبەجێدەکات بەڕێگەیەکی تایبەت بەیەکەوەیان دەیانبەستێتەوە بۆ دروستکردنی فرەیزو ڕستە، ئەوانەش دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی نائاسایی ئاڵۆزن. کردەکانی ئەو سیستەمە دەبنە بابەت بۆ ئەو پابەندبوونە ساکارییەی خوارەوە:

[1]- لە تیۆری بەستنەوەدا کۆتبەندێك هەیە لەسەر فۆرمی لۆجیکی، لەوەی کەوا هەر گۆڕاوێك variable بەستنەوەیەکی خۆجێیەتی هەیە، کە بەشوێنی یەك (Ā)- ئەرگۆمێنتی یەك بارەوە بەستراوەتەوە، هەر (A-bar)ێکیش تەنیا بەیەك گۆڕاوەوە دەبەسترێتەوە. ئەم بنەمایە گونجاوە لەگەڵ سنووربەزێنی پەڕینەوەی لاوازیش لەبەستنەوەدا. (بڕوانە٥٠ :٢٠٠٣ Crystal)

**١-٢-٢-١: چڕكردنەوەی بیرۆكە بنچییەكەی كاراكردنی یادگەكە:**

هەندێ لە زمانەوانەكان پێیان وایە ئەو كاركردنەوەی یادگەكە وەكو جەمسەرێك بۆ سەرچاوەی كردەكان سەیردەكەن، كە تەنیا نواندنەكان لەخۆناگرێ، بەڵكو هاوكاری ئەو نواندنانەش دەدات. (بڕوانە Jackendoff ٢٠٠ :٢٠٠٢) سیمای ڕوونی ئەو هەوڵانە لەوەدایە كە بیرۆكە بنچییەكە چڕبكاتەوە لەو سەرچاوانە كە سیستەمی ژمێركاری بەشێوازێكی كارا ئەگەرەكان دێنێتە كایەو كارەكانی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێ لەگەڵ یەكەم هەلدا.

**١-٢-٢-٢: داواكارییەكانی توانست The Efficiency Requirement**

پشكۆكان (داواكارییە فەرهەنگییەكان) وەكو یەكەم هەڵكەوت دەردەكەون.

**بەشی دووەم**

**كاراكردنی هەنگاوەكانی كاركردنی سیستەمەكە**

**٢-١: سەرەتا**

سیستەمی ژمێركاری هێزی كاركردنی خۆی لە فەرهەنگی عەقڵییەوە وەردەگرێ، دوای ئەوە سیستەمی چەمكی هێماكان هەندێ تایبەتمەندی هێماكان (وشەو مۆرفێمەكان) بەسیستەمی ژمێركاری دەبەخشێ، دواتر ئەو سیستەمە دەست بە ڕێكارییەكانی خۆی دەكات، كە بەسەر چەند هەنگاوێك دابەش دەبێ، ئەو هەنگاوانە بەپێی جۆری ڕستە هەڵبژێرداوەكە دەگۆڕێ، ئەو كەرەستانە یان كەتیگۆرییانەی كە ڕستەكە پێكدێنن. وەكو یەكەی ئەركی (Fanctor) دەردەكەون. لەزمانی ئینگلیزی كردار سەرەتا بەلای چەپدا دەنواڕێ بۆ هەڵبژاردنی كەرەسەیەكی ناوی كە بكەر پێكدێنێ، دواتر بەلای ڕاستدا دەنواڕێ، بۆ هەڵبژاردنی كەرەسەی دووەم، وەكو بەركاری ڕستە، بەو جۆرە تاكو كردارەكانی سیستەمی ژمێركاری بە كۆتا دەگات. دەبێ ئەوەش بوترێ ئەو كردانە سەرتا یان كردەی مەعریفین.

**٢-٢: هەنگاوەكانی كردە مەعریفییەكان:**

بۆ بونیادنانی ڕستەیەكی وەكو:

١٠. نازدار ئاوەكەی خواردەوە.

سیستەمی ژمێركاری كردەكانی لەوەوە دەست پێدەكات، كەوا كرداری "خواردنەوە" بەكەرەستەیەكی ناوی لای ڕاستی خۆی دەبەستێتەوە، دواتر نواندنەكە وێنای ئەوەی دوای خۆی دەكات. (لەزمانی ئینگلیزیدا كەتیگۆرییەكان ڕاستەوخۆن، بەواتای ئەوەی "كردار" سەیری لای چەپی خۆی دەكات بۆ كەرەستە (ئەرگۆمێنتی) یەكەم، و سەیری لای ڕاست دەكات بۆ ئەرگۆمێنتی دووەم، هەروەها پریپۆزشنەكان سەیری لای ڕاستی خۆیان دەكەن بۆ هەڵبژاردنی كەرەستە ناوییەكان.) (بڕوانە ١٠٦ :١٩٩٩ Say and Wasow) بەڵام لەزمانی كوردیدا كردار لە هەڵبژاردنی هەردوو ئەرگۆمێتە ناوییەكە سەیری لای ڕاستی خۆی دەكات، بەڵام بەهەنگاوی یەك لەدوای یەك لەڕووی كاتو زەمەنەوە، سەبارەت بە پریپۆزشنەكانەوە هەردەم كەتیگۆرییەكە سەیری لای چەپ دەكات بۆ هەڵبژاردنی كەتیگۆرییە ناوییەكە. ئەمانە هەموو بەكردەی بەستنەوە (گرێدان) -Combiuation- ئەنجامدەدرێ.

هەنگاوی یەکەم: بەستنەوەی کردار بە یەکەم ئەرگۆمێنتەوە:

١١.




هاونیشانەیی نێوان (N) و (iN) و (iN)ی ناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکان ئەوە نیشاندەدات کەوا سیستەمی ژمێرکاری سەرەتا لە ڕۆنانی بابەتانەدا دۆخی بکەری (agent) دەستەبەری دەکا، بۆیە دەبێ هەمان نیشانە هەڵبگرن.

دەتوانین ئەو نواندنە بەشێوەی ئاسۆیی جوانتر ڕوون بکەینەوە:

١٢. خواردنەوە: V <N N>, (نموونە: نازدار ئاوەکەی خواردەوە.)

th ag

← ←

دۆخی بکەری باسلێکراو

وێناکردنی شوێنکەوتەیی هەر ئەرگۆمێنتێك لەڕێگەی کۆپیکردنی نیشانەکەی دەبێ، بەمەش بەهۆی نواندنی لێکدانەوە واتاییەکەی دەبێ لەناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کردارەکەیدا هاونیشانە دەبێ. وەکو ئەوەی لە (١١)دا ڕوونکراوەتەوە، کە تیایدا (بکەر) لەناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کردار لەگەڵ یەکەم کەرەسەی ناوی (N) هاونیشانە دەبێ.

لەسیستەمی کۆمپیتەریدا ئەوە دەردەخات کە چۆن ئەرگۆمێنتی دووەم هەڵدەبژێرێ وەکو شوێنکەوتەی کردار کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکردارەوە هەیە، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ لە دووەم ئەرگۆمێنتدا کردار بۆ هەڵبژاردنی ئەرگۆمێنت زمانی کوردیو زمانی ئینگلیزی ئاوڕ لەلای ڕاست دەدەنەوە، ئەمەش لەڕێگەی یەکگرتنەوە کردارو کەرەسە ناوییەکە، کە زاراوەی Combinationی بۆ هەڵبژاردووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ، کەوا ئەم زاراوەیە بەرامبەر زاراوەی چۆمسکی "Merg" دەوەستێ کە تیۆری پاساودانیو پرۆگرامی بچووککراوە بەکاریهێناوە.

هەنگاوی دووەم: بەستنەوەی کردار لەگەڵ ئەرگۆمێنتی دووەمدا.

١٣.




نواندنی سینتاکسی بەو ڕێگەی درەختی دوو لقی دروستدەکرێ، دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگیرێ کەوا بکەر بەرزترە لەبەرکاری ڕاستەوخۆ، نەك لەبەر نەخشەی سینتاکسی یان ڕێزمانی وەکو ئەوەی هێلکاری "ئێکس-بار" لێرەدا ڕۆنانی سینتاکسی بەهەند هەڵناگیرێ، بەڵکو پاشماوەیەکی ڕێگوزاری ئەوە تۆماردەکات، کە چۆن سیستەمی ژمێرکاری چۆن وشەکان لێکدەبەستێتەوە لەیەك کاتدا لە چەپەوە بۆ ڕاست (ئەمە بەپێی زمانەکان دەگۆڕێ)

بەپابەندبوون بەڕیزبەندی کاتەوە، بەپێی پێویست و داواکارییەکانی توانستەوە. بەمەش ڕۆنانی وێنەی (١١) وەکو ئەو ڕاستیە دەردەکەوێ، کە ئەو کردار خۆی بەلای چەپەوە دەبەستێتەوە بۆ وەرگرتنی کەرەسەیەکی ناوی، لەپاڵ ئەوەی ئەو هەلەی بۆ ڕەخساوە کە ئەوە ئەنجام بدات، بوونی وێنەی ئەو هێڵکاری ژمارە (١٣)ش لەگەڵ کەرەسەیەکی ناوی کردارەکە خۆی دەبەستێتەوە، بەلای ڕاستی خۆیدا وەکو هەلێك کە بۆی هاتۆتەکایەوە دروست بووە. زوڵاڵترین ڕێگە بۆ نواندنی ئەو ڕاستییانە (ناونانی لاوەکی کەتیگۆرییەکان) دەکرێ وەکو ئەمەی خوارەوە بێت: بۆ ئەم مەبەستە نموونەی ئینگلیزی دەهێنینەوە بۆ چاکتر ڕوونکردنەوەی:

١٤.




هێڵە بەلاداهاتووەکەی کاتبەندەکە لە چەپەوە بۆ ڕاست شۆڕبۆتەوە لەگەڵ هەر کەرەستەیەکدا، هەبوونی جووتە ئەرگومێنتێك لەپاڵ بونی کرداردا لەژێر سایەی سیستەمی ژمێرکاری کاردەکات لە خاڵێکی تایبەتی و دیاریکراوی دروستکردنی ڕستەدا (بڕوانە ٢٦٢ :٢٠١٠ Narrog and B.Heine).

**٢-٣: بنەمای بەستنەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا**

ئاماژەی جێناوەکان شوێنێکی گرنگی هەبووە لە سیستەمی ژمێرکاری زمانەکان بۆ ماوەیەکی درێژ، تەوەری ئەو تیۆرانەی لەسەر بنەمای (UG) بونیادنراون، و بەپێی بنەمای (أ) لە تیۆری بەستنەوەدا، کە دەڵێ (جێناوە خۆییەکان (ڕەنگدەرەوەکانی (Reflexive Pronoun) بەستراوەیە (واتە دەچێتە ژێرباری (C-Command)ەوە بەهەمان مەرج و لە هەمان پارستە بچووکەکەدا سەیری ئەمانەی خوارەوە بکە:

١٥. أ- جێناوە ڕەنگدەرەوەکان حوکمی کەتیگۆری دەبێ واتە کەرەسەی-حوکمکاری بۆگەڕاوەی دەبێ لەهەمان پارستەدا.

Harry: described himself.

هاری وەسفی خۆی کرد

ب- جێناوە ڕەنگدەرەوەکان نابنە کەرەسەی حوکمکار، واتە بۆگەڕاوەیان نابێ لە هەمان پارستەدا.

*[Harry's: sister] described himself.

پ- جێناوی ڕەنگدەرەوە بۆگەڕاوەی دەبێ وەکو کەرەسەیەکی حوکمکار، بەڵام لەهەمان پارستەدا نابێ.

*Harry: thinks [s Helen described himself.]

بەمەش بنەمای (أ) قەبول دەکرێ، بەڵام نە (ب) و نە (پ) قەبول ناکرێ بەواتای ئەوەی بکەر لەهەمان پارستەدا بۆگەڕاوەی نابێ و ناکرێ هاونیشانەبن.

بەپێی سیستەمی ژمێرکاری، کە ئەو تیۆرە، یان بۆچوونە پێشنیاری دەکات کاریگەری بنەمای (أ) شوێن هەڵگری، یان شوێنکەوتەی داواکارییەکانی توانستی مرۆڤە، کلیلەی ئەم پێشنیازە یان ئەو گریمانەیە لەوەدایە، کەوا بەرهەمی جێناوە ڕەنگدەرەوەکان برێتی دەبێ لە پاشکۆیەکی هاونیشان نەبێ، واتە لەگەڵ بۆگەڕاوەکانیان هاونیشانە دەبن، لەوەی داوای ئەوە دەکات کەوا سەرچاوەکانیان بەهۆی دانەی زمانی ترەوە وەسف دەکرێن.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچونە، شوێن کەوتووە هاونیشانەکان ئەوە دەردەخەن کەوا جێناوە ڕەنگدەرەوەکانی لە نواندنەکانیاندا نواندنێکی نزمتریان هەیە بەپێی هاونیشانەکانیان. دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە نواندنەکانیان بخەینەڕوو.

١٦.




بەپێی داواکارییەکانی توانست ئەو شوێنکەوتە ئاماژەییە دەبێ لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم هەڵدا چارەسەربکرێ، بەڵام ئەو هەڵە چۆنو چ کاتێك دەردەکەوێ، دەبێ جۆری هەڵەکە پۆلێنبکرێنو بەپێی ئەو بارانەی لای خوارەوە. سیستەمی ژمێرکاری ئەو هەڵەی بۆ دەرەخسێنێ کە شوێنکەوتەیی ئاماژەیی چارەسەربکات کاتێك ئاماژەی کەرەسە ناوییێکی تر بەهەند هەڵدەگرێ. هاوشان لەگەڵ ئەو گریمانەیەدا سیستەمی کۆمپیتەری (ژمێرکاری) دەست دەکات بە بونیادنانی ڕستەیەکی وەکو:

١٧. هاری وەسفی خۆی دەکات.

لەمیانەی لێکدانی کەرەسە ناوی "هاری" لەگەڵ کردارەکەو دواتر کۆپی کردنی نیشانە ئاماژەییەکەی بۆ ناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کردار، کە دەبێتە مایەی هاتنەکایەی ئەو هێڵکارییەی خوارەوە.

١٨.




لە قۆناغی یەکەمدا کەرەسە ناوییەکەی Harry تەنیا یەك هاوئاماژەیی دەبێ لەناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کرداردا کە بە [V <N N>] وێنادەکرێ. یەکگرتنەوەولێکدانی داهاتووی کردارەکە لەگەڵ ئەرگۆمێنتی دووەمدا دەبێ (کە جێناوی ڕەنگدەرەوەی (himself)ە، ئەوەی کە نیشانەکەی (index)ەکە کۆپی دەکرێو دەبرێتە ناو تۆڕی کردارەکەوە بەڕێگایەکی ئاسایی.

١٩.




گەڕانەوە بۆ ئەو هەڵەی بۆ چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆی شوێنکەوتووە ئاماژەییەکە دەیخاتەڕوو بەهاوکاری نیشانەکان (index) کە هەردەم لەناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کرداردان (ئیندیکسی Harry) کە بریتییە لە:

٢٠.




(بڕوانە O'Grady ٢٠٠٥: ٨)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بەپێی داواکارییەکانی توانستی زمانی کە چارەی تریش ئەگەری هەیە، کردار هەلی تری بۆ دەڕەخسێ کەوا دووەم پاشکۆ یان شوێنکەوتەی خۆی وەرگرێ بەهۆی لێکدانیو یەکگرتنەوەی لەگەڵ جێناوی خۆیی ڕەنگدەرەوەی himself و ئەوەش دەکات، هەروەها جێناوە خۆییەکە هەلی ئەوەی لەبەردەم دایە کە ڕاستەوخۆی نیشانەکانی ناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کردار بۆ خۆی کۆپی بکات، لەگەڵ ئەو کردارەی یەکیگرتۆتەوە، هیچ شتێکی تر جگە لەمە کارا نابێ.

با ئەو دوو ڕستەیەی لە (١٥-ب)و (١٥-پ) بەنموونە هێناومانەوە، و دووبارەی دەکەینەوە:

ب- *[Harry's: sister] described himself.

خوشکی هاری وەسفی خۆی دەکات (خۆی بۆ هاری دەگەڕێتەوە)

پ- *Harry: thinks [s Helen described himself.] هاری

پێی وایە هیلین وەسفی خۆی دەکات (خۆی بۆ هاری دەگەڕێتەوە)

با ئەوانە بخەینە چوارچێوەی هەنگاوەکانی شیکردنەوەی ئەم تیۆرە:

هەنگاوی یەکەم: لێکدانو یەکگرتنی Harryو Sister

[Harry's$_i$ sister] j

هەنگاوی دووەم: لێکدانو یەکگرتنی (Harryو Sister) لەگەڵ کردارەکە

[Harry's$_i$ sister] j described.

<N j N>

هەنگاوی سێیەم: لێکدانو یەکگرتنەوەی کردارەکە لەگەڵ دووەم ئەرگۆمێنت. جێناوە ڕەنگدەرەوەکە himself چارەیەك بۆ شوێنکەوتە ئاماژەدارەکەیان نیشانەکراوەکە دەکات، لەڕێگەی ئەو نیشانەیەی لە تۆڕی کردارەکەدا هاتووە،

[Harry's$_i$ sister] j described himself$_x$.

<N j N$_X$>

↓

*j

ئەگەر ئاماژەی جێناوەکە لەناو تۆڕی ئەرگۆمێنتەکانی کردار چارەسەرنەکرا لەم بارەدا وا دەردەکەوێ کەوا داواکارییەکانی توانست لەدەستور لادەرەو ئەگەر بەو ڕێگەیە چارەسەربکرێ، ئەوا ڕستەکە لەڕووی سیمانتیکەوە ناوێزە (anamalous)ە، چونکە هیچ جووتبوونێك، یان هاونیشانەییەك لەنێوان (himself)، و ( Harry's sister)دا نییە، لە هەمان کاتدا ڕستەکە قوبول ناکرێو وەرناگیرێ، هەمان حاڵەت لە (پ)یدا دەردەکەوێ لەیەکەم هەڵکەوتنو هەلدا ئاماژە (نیشانە)ی شوێنکەوتەکە (کەرەسە ناوییەکە) لەگەڵ جێناوە ڕەنگدەرەوەکە لە سیستەمی ژمێرکارییەکەدا ڕاستەوخۆ دەردەکەوێ دوای ئەوەی لەو سیستەمەدا جێناوەکە (himself) لەگەڵ

کرداری describe یەکدەگرنەوە، ئەوەی کە لە تۆڕی ئەرگۆمێنتی کردارەکەیدا نیشانەیەك بۆ بکەرەکەی (Helen) هەڵدەگرێ. یەکگرتنی کردارە ئامێزکارەکە لەگەڵ دووەم ئەرگۆمێنت، جێناوی خۆی وەکو شوێنکەوتەی کردار نیشانەو ئاماژەیەکی لەناو تۆڕی کردارەکەدا دەبێ.

هاری$_i$ پێیوایە {هیلین$_j$ وەسفی خۆی$_x$ دەکات}

$$<_x N\ _j N>$$
$$\downarrow$$
$$*j$$

ئەگەر نیشانەکەی Helen بەکاربێت بۆ ئاماژەکردن بەکەرەستەیەکی ناوی شوێنکەوتوو لەڕێگەی (himself)ەوە، ئەو کاتە (gender) بەناوێزەیی دەردەکەوێ، ئەگەر نیشانەکەی هیلین بەکارنەهات ئەمەش دەبێتە لادان لە مەرجی داواکاری توانستەکە، بەم ڕێگەیەش ڕستەکە دروست نابێ واتە قەبول ناکرێ. (بڕوانە (kehler Andrwe ۲۰۰۲: ۳۸

**٢-٤: پایەی نواندنە سینتاکسیەکان**

پێشتر باسمان لە کاتبەندی نواندنەکان کرد لە سیستەمی ژمێرکاریدا، ئەوە دەردەکەوێ کاتبەندی نواندنەکان لە لوتکەوە بەرەو قوڵایی دەڕوات، هەر پێکهێنێك جوتێك یەکەی ئەرکی (functor) لەخۆدەگرێت، کە سیستەمی ژمێرکاری لە خاڵێکی دیاریکراوی کاتبەندیدا جێبەجێی دەکات ئەمەش بەو میکانیزمەی خوارەوە بەڕێوە بچێت:

یاساکە:

٢١. ڕۆتینی ژمێرکاری لە پاڕستەیەکی تێپەڕیدا:

أ- $V \perp_1 N$

(بەستنەوەی کردارێکی تێپەڕ بە کەرەستەیەکی ناوی بەلای چەپی خۆیەوە).

ب- $N_2 \perp V$

(بەستنەوەی کردارێکی تێپەڕ بە کەرەستەیەکی ناوی (Nominal) بەلای ڕاستی خۆیەوە).

بەکورتی: $N_2 \perp V \ :\ V \perp N_1$

ئەوەی پێویستی بە ئاماژەیە:

١- $\perp$ کردنەوەی گرێدان یان بەستنەوە دەگەیەنێ.

٢- ٢١.أ: بۆ زۆربەی زمانەکان دەگونجێ بەزمانی کوردیشەوە.

٣- ٢١.ب: بۆ زمانی کردی ناگونجێ، دەبێ بەم شێوەیە دەستکاری بکرێت: $V \perp N_2$ (ئەگەر بە پیتی لاتینی بنووسرێ، ئەگەر بەپیتی کوردی بنوسرێ، هەمان یاسا دەستەبەر دەکرێ.)

٤- بەکورتییەکەی دەبێتە:

$$V \perp N_2\ :\ V \perp N_1$$

سەبارەت بە پریپۆزشنەکان

هەندێ لە کردارەکان جولەی تێدایە سەیری ئەم ڕستە ئینگلیزیە بکە:

٢٢. Jerry dashed to safety.

وا گریمانە دەکرێ کە "dash" هەندێ تایبەتمەندی فەرهەنگی هەیە لە (١٤)دا وێنادەکرێ.

٢٣. dash: V, <N P Dir> direction

← → بەئاراستەکراوی

ئەمە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە گونجاوە کە بەناوی پەیوەندی "سەرە بۆ سەرە" (head to head) ناودەبرێ سەیری (Boltin ١٩٨٩: ٦) بکە. ئەرگۆمێنتی دووەمی کردارەکە لەو نموونەی سەرەوەدا فرێزی بەند- prepositional phrase نییە بەڵکو لەبری پریپۆزشنی "to" ئەوەی کە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکەی دەکرێ وەکو (٢٤) چڕبکرێتەوە:

٢٤. to: p, <N>

→

بەمەش سیستەمی ژمێرکاری دەکرێ بەو شێوەیە ڕێکارییەکانی بەڕێوەببات (نیشانەی پشکنینەکە یان پاساوەکە –check mark- وێنای بڕیارێك دەکات بۆ شوێنکەوتەی کردارەکە لەسەر ئەرگۆمێنتی پریپۆزشنەکە.)

هەنگاوی یەکەم

بەستنەوە یان لێکدانی dash لەگەڵ یەکەم

ئەرگۆمێنتی خۆی




هەنگاوی دووەم

بەستنەوە dash لەگەڵ دووەم

ئەرگۆمێنتی خۆی




هەنگاوی سێیەم

بەستنەوە (to) بەئەرگۆمێنتەکەی



ڕۆتینی ژمێرکاری بۆ ئەو پاڕستە تێپەڕەی جولەدار دەکرێ بەو شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

٢٥. a- $N_1 \perp V$

بەستنەوەی کردارەکە بە کەرەستە ناوییەکەی لای چەپی

b- $V \perp P$

بەستنەوەی کردار بە پریپۆزشنەکەی لای ڕاستی

c- $P \perp N_2$

بەستنەوەی پریپۆزشنەکە بەکەرەستەی ناوی لای ڕاستی

بەکورتی:

$N_1 \perp V$: $V \perp P$: $P \perp N_2$

ڕوونکردنەوەی ئەو جۆرە نموونەیە شتێکی کەمە بۆ سیستەمی ژمێرکاری لەپاڵ بەهەند هەڵگرتنی بینای ڕۆنانەکە، بەڵام دەکرێ ئەو وێنەیە چاکتر فراوان بکرێت لەبەشی سێیەمدا تێبینی خۆمان لەسەر زمانی کوردی دەخەینەڕوو.

## بەشی سێیەم

## کاراکردنی ئەم بۆچوونە لەڕستەسازی کوردیدا

### ٣-١: سەرەتا:

کاراکردنی ئەم بۆچوونە بەسەر زمانی کوردیدا، تارادەیەك زمانی کوردی تێیدا هاوکارە، بنچینەی ئەو بۆچوونەش بۆ ئەوە دەچێ، کە ئەگەر زمانێ هیچ ڕێزمانێکی نەبێ چی دەبێ؟ گەلێك کاری دوورو درێژ لە گریمانەکراوەکە وەکو میکانیزمی پرۆسەسازی کە لە دەستە تیۆرێکی تایبەت بە سینتاکس، بەڵام ئەو ڕێبازانەی کە بۆ پرۆسەی کردە ڕێزمانییەکان کراوە لەیەکتر جیاوازن، کە دەچێتە وردەکاری سروشتی میکانیزمی ڕێزمان، بۆ نموونە Steedman سەرچاوەو نواندنی سینتاکسی خستە بواری ڕێزمانی کەتیگۆرییەکان، کەچی Phillip پەیڕەوی نواندنەکان بەپێی پڕۆگرامی بچوککراوە دەخاتەڕوو، تیۆری Pritcnett پەنا دەباتە بەر بنەمای گشتی ڕێزمان، کە سەربەخۆیی بوونی هەیە ئەویش بنەمای (چەپ بۆ ڕاست) بەپێی بۆچوونی گواریزمی بۆ بونیادی ڕۆنانەکان، بەڵام ئەو بۆچونەی ئەو توێژینەوەیە دەستەبەری دەکات، بەرەو هەنگاوی زۆر وردتر بەرەوپێش دەچێت، کە ئەو توانستەی پرۆسەکە بەڕێوە دەبات بەرپرسە لە هەموو شتێکی زمانی، سنوبڕکێی ڕێزمانێکی ناوکۆ بۆ زمانەکان لەلایەن پڕۆگرامی بچوککراوە ئامادەکرا، کە پێداگری لەسەر هەندێ کردەی ساکاری وەکو (جولانەوە (Move)و لێکدان (Merge)، ڕێککەوتن (agree)، ئەوانەی کە دەبنە بابەتی مەرجی پابەندبوون، لۆکالیتی، وەزەپاراستن لەقسەکردندا، لەمە زیاتر یەکێك لەو زمانەوانانەی وەکو Marantiz پێی وایە کە پڕۆگرامی بچووککراوە سیماو نیشانە کۆتاییەکانی سینتاکسی داناوە. (بڕوانە Marantiz ١٩٩٥: ٣٨٠)

### ٣-٢: پایەی نواندنە سینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا

سیستەمی چەمکی هێماکان کە مامەڵە لەگەڵ هێماکان (وشەو مۆرفێمەکان)و ئەو چەمكو بیرانەی هاوشانی هێماکانن، یان بەو هێمایانەوە لکاون و بوونە بە دیوی دووەمی ئەو هێمایانە سیمای ڕوونی ئەو سیستەمە بریتیە لە فەرهەنگی ئەمەش زیاتر لەگەڵ یادگەی ئاشکرا declarative memory کە پشتگیری لە سیتەمو کردەکان دەکات بەهۆی پێدانی زانیاری لەبارەی ڕاستیو ڕووداوەکان دەدات بەدەستەوە. لەبەرامبەردا سیستەمی ژمێرکاری

بەژمارەیەك کردەی مەعریفی یەکە فەرهەنگییەکان ڕێگە بە قسەکەری زمانەکە بدات ژمارە بەبێکۆتا لە ڕستە بونیادو بنێ و تێبگات.

فەرهەنگی عەقڵی وەکو کۆگایەکی زانیارییەکان سەبارەت بە هێماکانی زمانەکە، کە لە پرۆسەیەکدا هەموو زانیارییەك سەبارەت بە کەتیگۆرییەکانو هاوپەیوەندییەکانی دەگرێتەوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە هەندێ نموونە دەخەینە ڕوو:

کرداری "نووسی" جۆرە واتایەك دەبەخشێ، کە بەپێی دەروازە فەرهەنگییەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دەروازەی "نووسین" یان "نووسی" یان "دەنووسی" دەکرێ ئەو دەروازە فەرهەنگییانە لەڕێگەی کەوا ناولێنراوەکان بنوێنرێ.

٢٦. نووسین: V، <N N> (نموونە... ئارام نامەکەی نووسی)

کەتیگۆری↑ agent↑ them↑

وشە بکەر بابەت

کەتیگۆرییەکان لە شێوەی (تۆڕ)دا

ئەگەر ئێمە کرداری نووسین (کە کردارێکی تێپەڕە) بەراورد بکەین بەکردارێکی تێنەپەڕی وەکو "هات" ئەو کاتە دەروازە فەرهەنگییەکان دەگۆڕێ، چونکە ئەو کردارە واتایەك دەدات کە دەتوانێ تەنیا یەك هاوبەش وەربگرێت.

٢٧. هات: V، <N> (نموونە... مامۆستاکە هات.)

دەکرێ هەندێ دانەی زمانی بخەینەڕوو، کە لەڕێگەی واتاو وشەکەوە، کە وەکو ئەرگۆمێنتی خۆی وەردەگرێ، ئەو ئەرگۆمێنتەی، کە کەتیگۆرییەك وەکو یەکەی ئەرکی (functor) وەردەگرێ، لێرەدا "فانکتەری" نووسین داوای دوو ئەرگۆمێنت دەکات، کەچی فانکتەری (یەکەی ئەرکی) "هات" داوای یەك ئەرگۆمێنت دەکات.

دەکرێ بەپێی ئەوەی لەبەشی یەکەم خستمانە ڕوو، بەپێی ڕێزمانی کەتیگۆری یەکە ئەرکییەکان (functors) ئاڕاستەدارن (Directional)، لەوەی کە سەیر لای ڕاست، یان لای چەپ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەرگۆمێنتەکانی. لە زمانی کوردیدا یەکە ئەرکییەکە سەیری لای ڕاست دەکات بۆ بەدەستهێنانی یەکەم ئەرگۆمێنت، بەڵام لێرەدا پێویستە سەبارەت بەجیاوازی زمانی کوردی لە زمانی ئینگلیزی هەندێ تێبینی بخەینەڕوو:

١. زمانی کوردی (کردارەکەی) بەلای ڕاست دەڕوانێ بۆ بەدەستهێنانی یەکەم ئەرگۆمێنت، کە (agent) یان بکەرەکەیە، (agean) لەبارترە چونکە ئەم تیۆرە پەیڕەوی میکانیزمەکانی ڕۆڵی بابەتانە (Θ-role) دەکات، پێچەوانەی زمانی ئینگلیزی، کە یەکە ئەرکییەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەرگۆمێنتی یەکەم بەلای چەپدا دەڕوانێ.

٢. زمانی کوردی بۆ وەرگرتنی ئەرگۆمێنتی دووەم دیسانەوە سەیری لای ڕاست دەکات، بەوێنەی زمانی ئینگلیزی، بەڵام دەبێ ئەوە بوترێ کەوا ئەو داکەوتنی ئەرگۆمێنتەکان بەیەك لای کردار چاکتر لەگەڵ تۆڕی کردار دەگونجێ بەم شێوەیە:

زمانی کوردی <N N> V

زمانی ئینگلیزی <N —— > V N پێویستی بە گواستنەوە هەیە.

<N N>

verb grid

تۆڕی کردار

٣. پێشناوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەرگۆمێنتەکەی سەیری لای ڕاست دەکات لە زمانی ئینگلیزی، بەڵام لە زمانی کوردی سەیری لای چەپ دەکات. بەم شێوەی خوارەوە:

٢٨. أ- خواردن: V، <N N> (پشیلەکە چۆلەکەکەی خوارد)

th ag

→ →

V ،<N N>

ag th

← ←

ب- کەوت: N <N> (نموونە... دیوارەکە کەوت.)

ag

→

V ،<N> (بەدەست)

←

پ. بە: P، <N>

preposition

سیستەمی ژمێرکاری هیچ کردەیەکی ڕێزمان لەخۆناگرێ، و هەوڵنادات بنەمای زمانەوانی داڕێژێ. تەنیا بریتییە لە جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی فەرهەنگ، یان ئەو شوێنکەوتانەی کە بەدوای ئەو وشەیەدا دەکەون، بڕیاردان لەسەر کەرەستە شوێنکەوتووەکان بە هاوکاری کردەی یەکگرتن و لێکدان دێتەکایە. لە سادەترین باردا دوو شت بەیەکەوە دێن کە بریتین لە یەکەی ئەرکی (functor)و هاوسێیەکەی adjacent، دەکرێ لەم نموونەی خوارەوە پێشبینی بکرێن.

٢٩.




لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بڕیاردان لەسەر پاشکۆکە، لەوەدا پێشبینی دەکرێت بەهۆی کۆپی کردنی نیشانەی (index)ی کەرەستە ناوییەکە (Nominal) بۆ ناو تۆڕی ئەرگۆمێنتی کردار بەم شێوەیە:




لەو ڕێکارییانە هیچ تایبەتمەندییەکانی ڕێزمانی بەرچاوناکەوێ لەو بەستنەوەی کەتیگۆرییانە، بەڵکو بریتییە لە میکانیزمی پرۆسەیەک. چاکترین ڕێگە بۆ وەسفکردنی ئەو میکانیزمە بریتیە لە ناساندنی تایبەتمەندییەکانی پرۆسەکەو سیستەمی ژمێرکاری کە خۆی بەشێکە لێی.

٣-٣: میکانیزمی بونیادنانی ڕستە:

## ئەنجامەکان

شیکردنەوەی ئەو بۆچوونە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە.

١- زۆربەی زمانەکان بە زمانی کوردیشەوە لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەو دەستەبەرکردنی بۆچوونەکە کێشەی نابێ، چونکە کردار بۆ ئاوڕدانەوە لە بکەر سەیری لای چەپ دەکات، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕستەی هەموو زمانەکان بە (IPA) بنووسرێ، چونکە جۆری (ئەلف-بێ)کە ئەو چەمکە دەگۆڕێ.

٢- لە تۆڕی ئەرگۆمێنتی کردارەکاندا (verb argument grid) کە بکەرو بەرکارو پێشناوەکان (پریپۆزشنەکان) لەخۆدەگرێ، بۆ زمانی کوردی پڕاو پڕە، چونکە لە کرداری نادەسادا، پارچەو پێکهێنی کردارەکە بەسەر ئەرگۆمێنتەکانی تردا دابەش دەبێ، و زۆرجار گومان دەخاتە سەر جۆری ئەرگۆمێنتی دووەم کە ئایا بەرکارە یان بەشێکە لە کردارە نادەسادەکە.

٣- لە بنەمای بەستنەوەدا ڕستەکانی زمانی کوردی تاڕادەیەك تەمومژی تێدەکەوێ بەتایبەتی لە جێناوە ڕەنگدەرەوەکاندا، چونکە هاوئاماژەیی نێوان بکەرو بۆگەڕاوەکەی لە زمانی ئینگلیزی (gender) ڕەگەزەکان جوانتر ڕوونی دەکاتەوە، و دروستیو نادروستی ڕستەکە یەکلادەکاتەوە.

٤- تیۆرەکە زیاتر لەسەر بنەمای ئەو ڕۆڵە فەرهەنگییانە مامەڵە لەگەڵ ڕستەدا دەکات، کە فەرهەنگ بەکردارەکانی دەبەخشێ، لەبەرئەوەیە هەرچەندە لێکدانەوەکە واتاییە، بەڵام سیستەمی ژمێرکاری میکانیزمێکی سینتاکسی پێدەبەخشێ.

٥- هەردوو سیستەمی چەمکی هێماکانو سیستەمی ژمێرکارین مامەڵە لەگەڵ لایەنی مەعریفی دەکەنو لەبەرئەوەیە فەرهەنگی عەقڵی ڕۆڵێکی کارای دەبێ لە خستنەڕووی تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی یەکە ئەرکییەکاندا (functors).

**سەرچاوەکان**

- Chomsky, N (١٩٩٥) Minimalist Program. Cambridge. Ma: Mit press.
- Croft, L. (٢٠٠١) Radical Construction Grammar, Oxford universtiy press.
- Crystal, D (٢٠٠٣) A Dictionary of Linguistic and Phonetics. Black well publishing.
- David Birsang (١٩٩٩) Age and second language acquisition university of Texas.
- Elman, J (٢٠٠٤) An Alternative view of the mentel Lexicon, Oxford university.
- Goldberg, E. (١٩٩٥) A construction Grammar approach to argument: Chiocago university.
- Goodman, R (١٩٩٩) Computer speech and Language, Blackwell press.
- Haegeman, L (١٩٩٤) Introduction to Government and Binding theory, Oxford: Blackwell.
- Hein, B, and Narrog. H (١٩٩٩) Markedness and subject choice of Optimality theory Oxford press.
- Jackendoff, R (٢٠٠٢) Foundations of Language: Oxford university.
- Kehler, A.(٢٠٠٢) Conerence, Reference, and theory of Grammar, Standford university.
- Marantz, A. (١٩٩٥) The Minimalist program, Cambridge, MA: Blackwell.
- Moortgat, M (١٩٨٨) Categorial Grammar in natural Linguistics: Utrecht university.
- O'Grady, W (٢٠٠٥) syntactic Carpentry: An Ernergenist Approach to syntax, NJ: Erlbaum.
- Pinker. S, (١٩٩٤) The language instinct Newyourk.
- Sag, Ivan, and Wasow (١٩٩٩) Syntactic Theory: A Formal Intoduction: StandFord university.
- Steedman, M (١٩٩٦) Surface Structure and interpertion, Cambridge.
- Ulman, M (٢٠٠١) The Neural Basis of Lexicon and Grammar in firs and second Language: Oxford press.
- Van Beuthem, J(١٩٨٨) The semantics of Variety in categoral Grammar: Amsterdam.
- Wood, M (١٩٩٣) Combinatory Categorial Grammar Routledge: London.

**المستخلص**

**هذا البحث الذى يحمل عنوان (التخريم النحوي بين نظامي الترميز هيمى ونظام التحاسبي). انطلاقه البحث تكمن في أن خصائص اللغة يجب أن يفسر بالرجوع الي مبادى النحو، لغايه بدايات الستينات من القرن المقدم كانت هناك فكرة تتحكم في تعريف تشابكات و تعاقيد اللغة بأن تفسير و تحليل اية لغة هو من اختصاص الاسس التى تصنعها قواعد اللغة، ولكن طهرت في فترة ليست ببعيدة فكرة تتقابل وتتعارض مع المفاهيم السابقة و هي فكرة كيفية تنخير نحوى لغوى بعيداً عن قواعد منتقاه، تترسخ هذه الفكرة الاخيرة فى طيات بحثتا هذا، مستنداً في ذلك على طرح نظامين مختلفين تبدأ من المرجعية العقليه والنظام الحاسوبى، حيث تكتمن اجراءات عقليه سايكولوجيه في مكامن الذاكرة. يتوزع هذا البحث على ثلاثة فصول: فالفصل الاول يرتأي الباحث تقديم جُلَ و في إطار هذه النظريه الفصل الثانى يطرح و يطبق ما طرحت فى الفصل الاول في مربعات الجُمل الانكليزية والفصل الثالث تطبيق لكل ما رواه الباحث في اللغة الكورديه.**

Abstract

This research which entitled (Syntaactic Carpentry between two system: Conceptual Symbolic system and Computational system). In investigating sentence Formation, it is common in linguistics, psychology, and even neurology to posit the existence two quite different cognitive systems. One dealing primarily with words and the other with combinatorias operation, and these two systems are conceptual symbolic system and computaional system.

The researcher tried and applied these two systems a acording to this new perspective in Kurdish syntax, therfore the paper falled into three chapters. The first one is about some theoritecal revew about this cognitive perspective. The second chater is about the detail of applying the notion in English language. And the last chapter applied these two system on Kurdish language.